بەشی دووەم:

بارو دۆخی جیهان - فتوحات

باسی یەکەم:

فەتحی عێراق و ڕۆژهەڵات

لە سەردەمی خیلافەتی ئەبوبەکری صدیق ((ڕەزای خوای لێبێت)):

هەردوو هۆزی شەیبانو سەدوس ـ لە نەوەی بەکری کوڕی وائیل ـ لە بەشی باشووری عێراق نیشتەجێ بوو بوون، موسەننای کوڕی حاریسەی شەیبانیش سەرۆکی هۆزی شەیبان بوو جەنگی ناوچەکانی حیرەی پێدەکرێ، هەروەها قوتبەی کوڕی قەتادەی سەدوسی سەرۆکی هۆزی سەدوسی بوو، هێرشی پیان دەبردە سەر دەوروبەری ئەبوللە کە ئەو سەردەمە بەندەری سەرەکی عێراق بوو لەسەر کەنداوی عەرەب، ئەم بزوتنەوانە پەیوەندیان نەبوو بە مەدینەوە، بەڵکو سەربەخۆ بوون، هەربۆیە ئەبوبەکر (ڕەزای خوای لێبێت) خالیدی کوڕی وەلیدو عەیازی کوڕی غەنەمی نارد بۆ عێراق بە مەبەستی سەرکردایەتی کردنی سوپاکان لەوێ. بە مەرجێك عەیاز فەتحی دەومەتولجەندەل بکات کە پەیمانیان لەگەڵ ئەبوبەکر شکاند بوو، دوای ئەوە ڕوو بکاتە حیرە، هەر کامێك لەو دوو سەرکردەیەش یەکەمجار گەیشتە حیرە سەرکردایەتی گشتیی عێراق دەگرێتە دەست.[1]

خالید لە پێشدا چووە عێراقو سوپاکەی موسەننای خستە پاڵ خۆی، ئەمجا دەستیکرد بە ڕێکخستنی جوولە سەربازیەکان، جا یەکەمین ڕووداو لە نێوان خالیدو فارسەکان لە ناوچەی حەفیر بوو لە نزیك کەنداوی عەرەب، لەم شەڕەدا خالید سەرکەوتە سەر هورموزی سەرکردەی فارس، ئەم جەنگە بە (ذات السلاسل) ناونرا، چونکە فارسەکان زنجیریان بەکارهێنا، هەروەها ناوی غەزای کازیمەی لێنرا بەهۆی لادیەکی نزیك بەو ناوە.[2]

لەم سەردەمەدا ئەردەشیر پادشای فارسەکان بوو سوپاکەی کۆکردەوە بە سەرکردایەتی قارن، خالیدیش ڕووبەڕووی بوویەوە لە ناوچەی (المذار)و شکاندنیو ژمارەیکی زۆری لیان کوشت،[3] لە

---

١) الطبري: تاريخ ٣: ٣٤٧ عن سيف بن عمر التميمي، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٩٥ـ ٢٩٦.

٢) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٤٨ـ ٣٤٩ عن سيف.

٣) الطبري: تاريخ ٣: ٣٥١ عن سيف.

پاش ئەم شەڕە فارسەکان هەوڵیاندا سوود وەرگرن لە هۆزە عەرەبەکان، بەتایبەتی هۆزی بەکری کوڕی وائیل، جا لە ناوچەی وەلجە کۆبوونەوەو ئەندەرزەغەزیش هاتە پاڵیان کە سەرکردەیەکی نێرراو بوو لە لایەن ئەردەشیرەوە، خالید دووبارە توانی بیانبەزێنێتو پاشماوەکانیان کشانەوە بۆ ئوللەیس،[1] ئینجا عەرەب کۆبوونەوە بە سەرکردایەتی مالیکی کوڕی قەیسو فارسەکانیش کۆبوونەوە بە سەرکردایەتی بەهمەن جادەوەی، بەڵام بەهمەن بەرەکانی جەنگی بەجێهێشتو گەڕایەوە بۆ پایتەخت بە بۆنەی نەخۆشکەوتنی ئەردەشیرو مردنی، ئینجا جابانی لە جێگەی خۆی دیاریکرد بۆ سەرکردایەتی سوپاکە، خالید توانی عەرەبو فارسەکان پەرتەوازەکاتو جابان هەڵهاتو مالیکی کوڕی قەیسیش کوژرا.[2]

ئینجا خالید بە پەلە چوو بۆ ئەمغیشیاو ڕووخاندی و وێرانی کرد،[3] فارسەکان لەم کاتەدا سەرقاڵی پەشێوی سەرا بوون لە دوای مردنی ئەردەشیر کە لە پاش ئەو ژمارەیەك لە شازادەی پیاو ژن هاتنە سەر تەخت، خالید سوودی لەم بارودۆخە وەرگرتو ڕوویکردە حیرەی پایتەختی عێراقی عەرەبی لە ئەمغیشیاوە بە کەشتی، بەڵام ئازادبەی فەرمانڕەوای حیرەی فارسی پردەکانی فوراتی هەموو داخست بۆ ڕێگرتن لە کەشتیەکان، بەڵام خالید هەموو ئەوانەی بەهێز کردەوەو ئابلوقەی حیرەی دا، دانیشتووە عەرەبەکانی خۆیان قایمکردو بەرگریانکرد و ئازادبە هەڵهات، لە پاش ئابلوقەیەکی سەخت خالید ڕێککەوت لەگەڵ دانیشتوانی حیرە لەسەر پێدانی سەرانە، ئینجا خالید حیرەی کرد بە سەربازگە بۆ سوپاکەی، چەند هەڵمەتێکیشی نارد بۆ دەوروبەری حیرە بۆ جێگیرکردنی ئاسایش تیایدا، دوای ئەوە دەرەبەگو گەورە بازرگانەکان لەگەڵ خالید ڕێککەوتننامەیان کرد.

لە پاش فەتحی حیرە خالید ڕووی کردە ئەمبارو ئابلوقەی دا، کە دەوردرابوو بە کەندڕ، ئەویش وشترەکانی نارد بۆ پەڕینەوەی، بەڵام شێرزدا کە فەرمانڕەوای فارسەکان بوو لەگەڵ خالید صوڵحی کرد بە مەرجێك ڕێگەی بدات خۆی دەربچێت،[4] دوای ئەوە خالید ڕوویکردە عەینوتتەمر لە دەوروبەری سارای شام، لەوێ هۆزەکانی تەغلیبو نەمرو ئەیادو فارسەکان بەسەرکردایەتی مەهرانی

١) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٥٣.

٢) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٥٥، عن سيف، والبلاذري: فتوح البلدان ٢٩٧، ٣٠٠ بە کورتی.

٣) الطبري: تاريخ ٣: ٣٥٨ عن سيف.

٤) الطبري: تاريخ ٣: ٣٧٣ عن يوسف.

کوڕی بەهرام، ئیتر خالید ئابلۆقەی دان تا هێنایانی بە چۆکدا، ئەوسا جەنگاوەرەکانی کوشتەو ماڵەکانیانی بە غەنیمەت دەستکەوت.[1]

بەڵام عەیازی کوڕی غەنەم بۆ ماوەی یەکساڵی تەواو نەیتوانی سەرکەوێتە سەر دوژمنەکانی لە هۆزەکانی کەلبو بەهراو غەسسان کە لە دەومەتولجەندەلەوە هاتبوون پاش تێکشکانی لەسەر دەستی خالیدی کوڕی وەلید، سەرکردەی خەڵکی دەومەیش ناوی ئوکەیدەری کوڕی عەبدولمەلیکی کیندی بوو، کاتێك ئاگادار بوو لە نیازی خالید کە بگاتە هانای عەیازەوە تۆقیو وڕەی نەما، دەشگێڕنەوە کە هەڵهاتووە پێش دەستپێکردنی شەڕەکە، سەبارەت بە هۆزە عەرەبەکان لە دەرەوەی قەڵاکە شەڕیان کرد لەگەڵ موسڵماناندا، دوایی هەڵهاتن بۆ قەڵاکە جارێکی تر، بەڵام بە هێز چووە ناو ئەو جێگەوەو جەنگاوەرەکانی کوشت، لە ڕاستیدا دەومە کلیلی وڵاتی شامو عێراق بوو، بۆیە موسڵمانەکان زۆر سوربوون لەسەر دەست بەسەراگرتنی.[2]

عەرەبو فارسەکان دەرچوونی خالیدیان لە حیرە قۆستەوەو شۆڕشیان کرد، جا کاتێك خالید گەڕایەوە ملکەچی کردن و لە پڕدا هەڵیکوتایە سەر هۆزەکانی تەغلیب، ئینجا قەعقاعی نارد بۆ ناوچەی حەصید کە بوو بوو بە مۆڵگای هەڵهاتووەکانی حیرە بە عەرەبو فارسەوەو تێکیشکاندن،[3] پاشماوەیان چوون بۆ خەڵکنشینی حەنافیس، بەڵام موسڵمانان پیانگەیشتنو ئەو شارەشیان فەتحکرد، هەروەها خالید لە پڕدا چووە سەر هۆزەکانی هوزەیل لە موصەیخ، بەمشێوەیەش دەسەڵاتی موسڵمانانی گێڕایەوە بۆ سەرانسەری عێراقی عەرەبی،[4] دوای ئەوە خالید ڕوویکردە فیراز لە سنوورەکانی عێراقو شامو جەزیرە، لەوێ عەرەبو فارسو ڕۆمەکانی لێکۆبوونەوە و جەنگی لەگەڵیان کردو سەرکەوتە سەریان،[5] دوای گەڕایەوە بۆ حیرەو فەرمانی ئەبوبەکری بۆ هات کە نیوەی سوپاکە ببات بەرەو شام بۆ یارمەتیدانی موسڵمانان لە دژی ڕۆمەکان، موسەنناش لەسەر نیوەی تری سوپاکە مایەوە لە عێراق.[6]

---

١) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٧٦ عن سيف.

٢) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٧٨ عن سيف.

٣) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٨٠.

٤) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٨١.

٥) هەمان سەرچاوە ٣: ٣٨٣.

٦) هەمان سەرچاوە ٣: ٤٠٨، ٤١٥ـ ٤١٧.

چەند تێبینیەك:

١ـ ئەبوبەکری صدیق (ڕەزای خوای لێبێت) هیچ کەسێکی لە پاشگەزبووەکان لە ئیسلام بەشدار نەکرد لە فتوحاتدا، بەڵکو ڕووتیکردنەوە لە چەکەکانیان، چونکە دڵنیا نەبوو لیان بە هۆی تازەی پەیوەندیان بە ئیسلامەوە، هەروەها وەکو سزایەك بۆیانو دەربڕینی پێویستی نەبوون پیان، ئینجا ئەبوبەکر نەیدەویست کە ئەوانە ببنە پێشەنگی فەتحی ئیسلامی، چونکە ناتوانن ببنە نموونەیەکی چاك بۆ سەربازی موسڵمان.

٢ـ فاتیحەکان جێگیر نەدەبوون لەو ناوچانەی بۆی دەچوون، بەڵکو خەڵکەکە ـ بە تایبەتی عەرەبە گاورەکان ـ هەمیشە شۆڕششیان دەکرد دژیان، تەنانەت حیرە سێ جار فەتح کراوە، ئەمەیش هۆکاری گۆڕینی مەرجەکانی ڕێککەوتن ڕوون دەکاتەوە بۆ چەندەها جار لە ناوچەی سەواد.

٣ـ هەموو شەڕەکان لە ناوچەکانی عێراقی عەرەبەکان ڕوویدەدا.[١]

---

١) شكري فيصل: حركة الفتح الاسلامي ٦٢ـ ٦٩.

لە خیلافەتی عومەری کوڕی خەتتاب ((ڕەزای خوای لێبێت)):

لە دوای دەرچوونی خالیدی کوڕی وەلید لە عێراقەوە بەرەو شام، موسەننا ناچار بوو بکشێتەوە لەناوچە فەتحکراوەکە بەرەو بیابان، چونکە بەرەنگاری فارسەکانی پێنەدەکرا بەهێزێکی کەمەوە، هەروەها لەبەر مەترسی ڕاپەڕینی دانیشتوانی شارەکان، بۆیە حیرەی بەجێهێشت بەرەو ناوچەی خەففان لە بیابیان دوای هەندێك شپرزەی دروست بوو لە سەرای ساسانیەکان، لە ماوەی چوار ساڵدا نۆ شازادە هاتنە سەر تەختی حوکم، پەشێوی زۆر ئەو کاتە دروست بوو کە شیرەوەی هەستا بە کوشتنی کیسرای پەروێزی باوکی، دوای ئەوە شیرەوەی خۆیشی کوژرا، لە پاش هاتنی چەندین شازادە، شەهریرانی کوڕی ئەردەشیر هاتە سەر حوکم، لە پاش مردنی دەخت زنانی خوشکی هاتە سەر حوکم، بەڵام دواتر لابراو ساسوری کوڕی شەهریران هات، لە پاش کوژرانی ئەویش ئازەرمیدەختی کچی کیسرا لەسەر تەخت دانیشت، بەڵام بۆرانی کچی کیسرا توانی میدەخت لابداتو خۆی بێتە سەر تەختی حوکمڕانی، هەروەها ڕۆستەمی مێردی سەربەست کرد لە دەستکاریکردنی کاروباری دەوڵەتو سوپا.[١]

ڕۆستەم دەستیکرد بە بەرگری دژ بە موسڵمانان، لەم کاتەدا موسەننا داوای لە عومەری کوڕی خەتتاب (ڕەزای خوای لێبێت) کرد، عومەریش هەڵسا بە ناردنی ئەبوعوبیدەی کوڕی مەسعودی سەقەفی لەگەڵ دە هەزار جەنگاوەردا، کاتێك گەیشتە عێراق ڕۆستەم هانی سەرگەورەکانی سەوادی دابوو ئەوانیش دژ بە موسڵمانان ڕاپەڕیبون، هەروەها سێ سوپای ئامادەکرد، یەکێکیان بە سەرکردایەتی جابانو ئەویتریان بە سەرکردایەتی نەرسو سێ یەمیشیان بە سەرکردایەتی جالینوس، ئەبوعوبیدە توانی هەرسێ سوپاکە ببەزێنێت لە نزیك حیرە و کەسکەرو سەقاتیە بە دوای یەکدا، دووبارە سوادیشی داگیرکردەوەو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ سەرگەورەکانیان کرد.[٢]

تێکشانەکانی فارسەکان هانی ڕۆستەمی دا بۆ ئامادەکردنی سوپایەکی گەورە بە سەرکردایەتی بەهمەن جادەوەی ناسراو بە برۆدار (ذي الحاجب) و بەیارمەتی جالینوس، هەروەها فیلیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، بەیداخی کیسرایش، (درفش کابیان) هەردوو سوپاکە بەیەکگەیشتن لە (قس الناطق) لە تەنیشتی فورات، فارسەکان ئەبوعوبیدەیان سەربەست کرد لەوەی بپەڕێتەوە بۆ لایان،

١) الطبري: تاريخ ٣: ٤١٣ـ ٤١٤، ٤١٧.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٤٥٠ـ ٤٥٣.

یان ئەوان بپەڕنەوە بۆ لای موسڵمانان، بەڵام پەڕینەوەی موسڵمانانی هەڵبژارد بۆ ئەوبەری فورات لەبەرئەوەی وا دەرنەکەوێت ئەوان بوێرترو چاونەترسترن لە موسڵمانان، بەڵام بەو کارە چەندین تاینەتمەندیان لە دەست دا، بیابانیان لە پشتەوە بوو، بە پەڕینەوەیان ڕوبارەکەیان کەوتە پشت، پێشتر لە جێگایەکی ڕاستایدا بوون، کەوتنە ناو گژو گیا و قەڕەم، لە سەرەتای شەڕەکە موسڵمانان زاڵبوون، بەڵام فیل ئەسپی موسڵمانانی تۆقاندو لە ئەبوعوبەیدەشی داو کوشتی، ئەوجا موسڵمانان هەڵهاتن، لەو کاتە یەکێکیان هەڵسا بە بڕینی پردەکە بۆ ئەوەی ڕێگە بگرێت لە هەڵهاتنی موسڵمانان، بەڵام کارەکەی هەڵە بوو، زیانی موسڵمانانیشی پێ زیادبوو، تاکو گەیشتە چوار هەزار کەس لە نێوان کوژراوو خنکاودا، بەڵام دوای پردەکەیان چاککردەوەو موسڵمانان جارێکی تر پەڕینەوە، تێکشکانەکە زۆر قورس بوو، تەنانەت هەندێ لە سوپاکە هەر نەگەڕانەوە بۆ مەدینە لە شەرمداو هەر لە بیابان مانەوە.[1]

موسڵمانان ناچاربوون تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، بۆیە عومەری کوڕی خەتتاب ڕەزای خوای لێبێت دەستی کرد بە کۆکردەنەوەی سوپا بۆ ئەم مەبەستە، هەندێ لە موسڵمانانیش قورس بوو بەلایانەوە بچن بۆ عێراقو حەزیان دەکرد بچن بۆ شام، تەنانەت عومەر هەڵسا بە ناردنی هۆزی بوجەیلە بە زۆر بۆ عێراق بە سەرکردایەتی جەریری کوڕی عەبدوڵلای بەجەلیو قەرەبوکردنەوە بە چواریەکی پێنج یەکی دەستکەوتەکان، هەروەها عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) ڕێگایدا بە پاشگەزبووەکان بەشداری بکەن لە فتوحاتو فریای خستن بە موسەننا کە سەرکردایەتی سوپای موسڵمانانی کردو بە فارسەکان گەیشت لەلای بوەیب لەئەودیوی کووفەی ئەمڕۆ، ئەوان بە سەرکردایەتی موهران بوون، موسەننا توانی ئابلۆقەیان بداتو سەرکەوێتە سەریانو موهرانیشی کوشت.[2] هەروەها وەدووی هەڵهاتووەکان کەوت، بەم شێوەیەش موسڵمانان ورەیان بەرزبوویەوە و جارێکی تر سەوادیان بەزاند، لەم جەنگەدا هەندێك لە هۆزە عەرەبەکانو گاورەکانی هۆزەکانی نەمرو تەغلیب بەشداریان کرد لەگەڵ موسڵمانان دژ بە فارسەکان، لە پاش جەنگی بوەیب فارسەکان زیاتر هەستیان بە ترس کرد و کۆبوونەوە لە ژێر سەرکردایەتی یەزدی گوردی کوڕی شەهریاری کوڕی کیسرا، کە هەڵسا بە ئەنجامدانی ئەرکەکەیو تواناکانی کۆکردەوە، موسەننا دەرکی کرد بە ترسناکی بارودۆخەکە، بۆیە

---

١) الطبري: تاريخ ٣: ٤٥٤- ٤٥٩ عن سيف.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٤٦٠- ٤٧٢، عن سيف وابن اسحق.

کشایەوە بۆ (ذي قار)و چاوەڕی گەیشتنی کۆمەکی مەدینەی دەکرد، لەم کاتەدا فارسەکان هەڵسان بە سەربازگری گشتییو دابەشکردنی کۆمەڵەکان بە سەر سەرانسەری ئەو شوێنانەی موسڵمانان داگیریان کردبوو، دانیشتوانیشیان وروژاند دژ بە موسڵمانانو هەڵسان بە شکاندنی پەیمانەکانیان.

قادسیە (١٥ك):

لە لایەن موسڵمانانیشەوە موسەننا هەڵسا بە هاندانی هۆزە عەرەبەکان بۆ شەڕکردن دژ بە فارسەکان، عومەریش (رەزای خوای لێبێت) هێزی ڕەوانە کرد لە مەدینەوەو ویستی خۆی سەرکردایەتی بکات، بەڵام هاوەڵان ئامۆژگاریان کرد لە مەدینە بمێنێتەوەو سەعدی کوڕی ئەبی وەققاص سەرکردایەتی سوپاکەی کرد، دەگێڕنەوە کە ژمارەی سوپاکەی لەگەڵ ئەوانەی کە لە ڕێگە هاتنە پاڵیان گەیشتە بیست هەزار جەنگاوەر، کاتێك گەیشتە عێراق موسەننا شەهید بوو بوو بەکاریگەری برینەکانی کە تووشی بوو لە شەڕدا، ئیتر سەعد سوپاکەی موسەننا کە هەشت هەزار کەس بوو خستیە پاڵ سوپاکەی خۆی، ئەمجا عومەر رەزای خوای لێبێت فەرمانی کرد بە ئەبوعوبەیدەی کوڕی جەڕاح سەرکردەی سوپا لە شام، سوپاکەی خالیدی کوڕی وەلیدی بۆ بنێرێت کە پێش شەڕی یەرمووك لە عێراق کشاندیەوە، ئەوانیش هەشت هەزار کەس بوون بە سەرکردایەتی هاشمی کوڕی عوتبەی کوڕی ئەبو وەققاص، سەبارەت بە فارسەکان ژمارەیان بە پی هەندێ ریوایەت گەیشتە (١٢٠٠٠٠) جەنگاوەر، لەگەڵ (٣٣) فیل، بە سەرکردایەتی ڕۆستەم گەورەی سەرکردەکانی فارس، سەرەتا سازش دەستی پێکرد، ئەوجا نێرراوە موسڵمانەکان کە موغیرەی کوڕی شوعبەو نوعمانی کوڕی موقەڕینیان تێدا بوو ئامانجی موسڵمانیان ڕوونکردەوە بۆ ڕۆستەم کە وایدەزانی مەسەلەکە بە پارە چارەسەر دەکرێت، لەدوای ئەوە دەستاڕی شەڕ کە خولایەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژان، ناوی ڕۆژەکانیش ئەرەماس و ئەغواس و عەمەواس شەوەکانیشی ناویان هەدئەو سەوادو هەریر بوو کە ئەمەیان سەختترینیان بوو، موسڵمانان سوودیان لە شکستی پردەکە وەرگرتبوو، بۆیە توانیان خۆیان قوتار بکەن لە فیلەکان بە هۆی تیرهاویشتن بۆ ناو چاویان و فیلەکان هەڵهاتن و ڕۆستەم کوژراو فارسەکان هەڵهاتنو موسڵمانانیش شەش هەزار کەسیان لێ کوژرا.

ناکۆکی هەیە لە دیاریکردنی ساڵی ئەم ڕووداوە لە نێوان ١٤و ١٥و ١٦ی کۆچیدا، بەڵام پەسەند ئەوەیە کە لە ساڵی ١٥ی کۆچیدا بووە لە پاش جەنگی یەرمووك، و دیمەشقو فەحل.[١]

---

١) الطبري: تاريخ ٣: ٤٧٧ـ ٥٩٠.

مەدائین:

لە دوای شەڕی قادسیە موسڵمانان بەرەو مەدائین بەڕێککەوتن، پاش ئەوەی بابلو بەهرەسیریان تێکشکاندو یەزدەجەردیش لە مەدائینەوە هەڵهات بۆ حەلوانو بەشێکی لە سوپاکەی لەوێ بەجێهێشت، موسڵمانان خۆیانخزانە ڕووباری دیجلەوەو بە بوێریەکی کەم وێنەوە، فارسەکانیش بەرگریان پێنەکرا، سوپاکەش ڕازی نەبوون سەرانە بدەن، ئەمجا موسڵمانان چوونە ناو کۆشکی سپی کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەڵێنی پێدابوون فەتحی بکەن.[١]

جەلەولا (١٦ك):

یەزدی گورد لە حەلوانەوە دەستی کرد بە ڕێکخستنی بەرگریو کەوتەڕێ بەرەو مەدائین، بەڵام سەعد هەڵسا بە ناردنی هاشمی کوڕی عوتبە لەگەڵ سوپاکەیدا، لەگەڵ فارسەکان یەکیان گرتو تێکی شکاندنو حولوانی فەتحکرد لە شەڕی جەلەولا، ئەو کەوتنەش سەرەتا بوو بۆ ڕووخانی هێڵە یەکەمەکانی بەرگری فارسی، لەپاش شەڕی جەلەولا سەرکردەکان و بازرگانە گەورەکانی سەواد هاتنە ناو ئاینی ئیسلامەوە، عومەریش (ڕەزای خوای لێبێت) لە جێگەکانی خۆیان هێشتنیەوەو سەرانەی لەسەریان هەڵگرت.[٢]

تکریت:

لە دوای جەلەولا سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص سوپایەکی نارد بۆ فەتحکردنی تکریت کە بریتی بوو لە پێنج هەزار جەنگاوەر بە سەرکردایەتی عەبدوڵلای کوڕی موعەتتیم، ئیتر شەڕیان کرد لەگەڵ ڕۆمەکان کە دەسەڵاتدار بوون لەوێ، لە پاش چل ڕۆژ ئابڵوقەدان تکریت کەوتە دەستی موسڵمانان، ئینجا ئیبنولموعەتتیم ڕەبعی کوڕی ئەفکەلی عەنزی نارد بۆ موصڵ، ئەویش لەگەڵ خەڵکەکەی ڕێککەوت لەسەر ئەوەی سەرانە بدەن.[٣]

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤: ٦ـ ٢٤.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤: ٢٤ـ ٣٤.

٣) الطبري: تاريخ ٤: ٣٥ـ ٣٧.

دروستکردنی کووفە (١٧ ك):

عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) داوای کرد سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص دوورنەکەوێتەوە بەرەو وڵاتی فارس، بەڵکو هەڵسێت بە دروستکردنی شارێك بۆ موسڵمانان، چونکە کەش‌و هەوای مەدائینیان پێ ناڕەحەتە، لەوانەشە عومەر مەترسی بووبێت لەوەی خوو بەو جێگایەوە بگرن‌و فێری خۆشگوزەرانی بن، ئیتر سەعد کووفەی دروست کرد کە ئاو داینابڕێت لە بیابان، بۆ ئەوەی ببێتە بارەگای سوپای ئیسلام لە عێراق.[1]

دروستکردنی بەصرە (١٦ك یان ١٧ ك):

هەر لەو کاتانەدا عوتبەی کوڕی غەزوان بەصرەی دروستکرد لە ناوچەی ئەبوللە کە عوتبەی کوڕی غەزوان لە ساڵی ١٤ ك فەتیحکرد، ئەوکاتەی عومەر ئاڕاستەی کرد بەرەو غەزای باشوور لە هەمان کاتدا کە سەعدی کوڕی ئەبوو وەققاصی ئاڕاستە کرد بەرەو قادسیە.[2] جا عوتبە فەتحی ئەبوللەی کرد کە بەندەرێکی گەورەی کەشتی بوو لە ئاکامی جەنگێکدا لەگەڵ فارسەکان، ئەمجا هەڵسا بە دروستکردنی بەصرە، بەم شێوەیەش کووفەو بەصرە بوون بە دوو بنکەی سەرەکی بۆ لێوەدەرچوونی سوپاکانی ئیسلام بۆ فەتحکردنی ڕۆژهەڵات، هەروەها ئۆقرەگرتن‌و جێگیربوون بوو بە مۆرکی فتوحات لەسەردەمی خیلافەتی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت).

لە ڕاستیدا زۆربەی عێراق بەزۆر فەتحکرا، چەندین جاریش خەڵکەکەی پەیمانەکانیان دەشکاند، بۆیە پەیمانەکانی فەتح‌و مەرجەکانی صوڵح چەندین جار دەگۆڕدرا، یەکێك لە شوێنەوارەکانی فەتحکردن بەهێز ئەوە بوو کە موسڵمانان زەویەکانی ئەو دەڤەرەیان لێوەردەگرتن، بەڵام وێڕای ئەوەش موسڵمانان هێشتیان بەزیوەکان لەناو زەویەکانیان بمێننەوە بە مەرجێك خەراجەکەی بدەن، یەکێك لە سوودەکانی ئەم بەجێهێنانە ئەوەبوو جەنگاوەرەکان نەبن بە جوتیار، هەروەها بەستنەوەی جوتیارەکۆنەکان بە زەویەکانیان‌و خۆشەویستیان بۆ ناوچەکەیان، گەشەکردنی کشتوکاڵ یارمەتیدەر بوو بۆ ئەو مەسەلە، لە توانای فاتحەکانیشدا نەبوو، دەستبکەن بە بەرهەمهێنانی زەوی بەهۆی کەمی شارەزایان، سەبارەت بە هەڵوێستی دانیشتوانیش ئەوان بەرگریەکی توندیان کرد لە عەرەبە

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤: ٤٠ـ ٤٨.

٢) هەمان سەرچاوە ٣: ٥٩٠ـ ٥٩٥.

گەیشتووەکان، بەتایبەتی گاورەکانی بەکری کوڕی وائیل، جوتیارەکانیش یارمەتی فاتیحەکانیان دا، چونکە زەویەکانیان بەدەستیانەوە هێشتەوە، بەڵام سەربازەکانی خەڵکی سەواد بەرگریەکی زۆر توندیان کرد، چونکە ئەوان پەیوەست بوون بە دەوڵەتەوە، سەبارەت بە سەرگەورەو سەربازەکان، ئەوان لەگەڵ سەرکەوتوودا بوون، کاتێك بینیان موسڵمانان زاڵبوون ئیسلامەتی خۆیانیان ڕاگەیاندو لەسەر هەمان کارەکانی پێشوویان مانەوە، سەبارەت بە موسڵمان بوونی دانیشتوان زۆربەیان هاتن بە دەم ئاینی ئیسلامەوە و سەرگەورەکانیش بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانیان بپارێزن، هەندێ لە هۆزە عەرەبەکانیش موسڵمان بوون وەکو ڕەبیعە، بەڵام هۆزی بەکری کوڕی وائیل لەسەر گاوری خۆیان مانەوە، هەندێ لە فارسەکانیش موسڵمان بوونو بەشداریان کرد لەگەڵ موسڵمانان لە شەڕی قادسیە، بەڵام ژمارەیان کەم بوو.[1]

ئینجا لە ئاکامی بە دوو کەوتنی موسڵمانان بۆ پاشماوەی فارسەکان بە پێی پلانی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) هەندێك لە سەرکردەکانیان وەکو هورموزانو یەزدی گورد توانیان دووبارە سوپا ڕێکخەنەوەو وابزانن کە لە ترساندا بە دوایاننەکەوتوون، کۆبونەوەی فارسەکان لە دوو شوێن دەستی پێکرد نەهاوەند، بەسەرکردایەتیو کۆکردنەوەی سوپا لە لایەن یەزدی گوردەوەو، ئەهواز بە سەرکردایەتی هورموزان کە لە جەنگی قادسیە هەڵهاتبوو.

ئینجا بە هۆی نزیکی ئەهواز لە بەصرەوە، فارسەکان دەستیان کرد بە یەخەگرتنی موسڵمانان لەوێ، جا با تۆزێك بگەڕێین بە دواوە، تا بارودۆخی بەصرەو پەیوەندی بە ئەهوازەوە دەرکەوێت بۆمان.

عوتبە وەفاتی کردبوو بۆیە عومەر سەرکردایەتی دابووە دەست موغیرەی کوڕی شوعبە، کە ئەو توانیبووی سەرکەوێتە سەر دانیشتوانی ئەهواز و ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ مۆر بکات لەسەر سەرانەدان.

دوای ئەوە عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) موغیرەی لابرد لە ئەنجامی ئاژاوەنانەوەی هەندێك لە خەڵکی بەصرە و تۆمەتبارکردنیان بۆ موغیرە کە زینای کردووە، تۆمەتەکەشیان نەسەلمێنرا، بەڵام عومەر ئەبوموسای ئەشعەری کرد بە فەرمانڕەوای بەصرە، لە ڕێگەی ڕۆشتنی ئەبوموسا بۆ بەصرە فارسەکان شۆڕشیان کرد لە ئەهوازو بڕیاریاندا سەرانە نەدەن، ئەوە تەماعی فارسەکانی زیاتر کرد

---

١) شكري فيصل: حركة الفتح الاسلامي ١٠٠ـ ١٠٥.

هەرەسهێنانی ئەو جەربەزەیەی عەلای حەزرەمی پی هەڵسا کاتێك کە لەگەڵ موسڵمانان لە بەحرێنەوە بە کەشتی ڕوویان کردە هەرێمی فارس بەرەو ئیستەخری پایتەختی ئەو هەرێمە، جا فارسەکان رێگای گەڕانەوەیان لێبڕی، ئیتر هێزەکانی بەصرەو کوفە عەلای حەزرەمیان قوتار کردو دوایی ئەو لەسەر بەحرێن لابرا.

فەتحی ئەهواز:

کاتێك ئەبوموسا ئاگاداربوو لە یەخەگرتنەکانی فارسەکانو تەماعکردنیان، هێزەکانی بەرەو ئەهواز بەرێخستو فەتحی ئەهوازیان کرد دوای ئەوەی کە پێش ئەوە فەتحی مەنازیرو روباری تیریان کردبوو، هورموزانیش لە ئەهوازەوە هەڵهات، بۆ ڕامهورموز، ئینجا لەوێش فارسەکان گردبوونەوە بە دەوریدا بە هاندانی یەزدی گورد بۆیە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص داوای کرد لە نوعمانی کوڕی موقەڕین لە کووفەوە بڕوات. بۆ رامهورموز.[1]

فەتحی رامهورموز:

هەروەها داوایکرد لە ئەبوموسای ئەشعەری سوهەیلی کوڕی عەدی بنێرێت بۆ رامهورموز، بەلاَم نوعمان توانی فەتحی رامهورموز بکات تەنانەت پێش گەیشتنی سوهەیل.[2]

فەتحی توستور:

هورمەزان هەڵهات بەرەو توستور، نوعمانو سوهەیلیش بەدوویکەوتنو ئابڵوقەی توستووریان دا، بەلاَم لەبەر زۆری سوپاکانی هورموزان و قەلاَکانی، موسڵمانان نەیانتوانی فەتحی بکەن تاکو هێزێکی زۆر لە بەصرەوە بە سەرکردایەتی ئەبوموسای ئەشعەری گەیشتە لایان، هەروەها هێزێکی تریش لە کووفەوە بە سەرکردایەتی فەرمانڕەواکەی عەمماری کوڕی یاسر، شەڕێکی سەختیش هەڵگیرسا لە دەرەوەی توستور، کە پایتەختی خوزستان بوو، لە بەهێزترین شارەکانیش بوو، فارسەکان ناچاربون پەنا ببنە قەلاَکانیان، پیاوێکیش خەڵکی توستور بوو رێنموونی موسڵمانانی کرد بۆ دەروازەیەکی ئاویی بۆ ناو شارەکە، ئیتر بە شەو (٢٤٠) جەنگاوەری لێوەرۆیشتو دەرگاکانی شاریان کردەوەو موسڵمانان چوونە ژوورەوە، بەلاَم هورموزان مانی گرت لە قەلاَکەی،

١) الطبري: تاريخ ٤: ٧٢ـ ٧٦.

٢) هەمان سەرچاوە ٤: ٨٣.

دواتر خۆی دا بە دەستەوە بە مەرجێك بدرێت بە دەستی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت)و خۆی دەربارەی بڕیار بدات، ئەوجا شار لە بەرگری کەوت.[1]

فەتحی سووس و جوندیسابوور:

دوای ئەوە موسڵمانان ڕوویانکردە سووس و ئابلۆقەیان دا تا هێزیان لێپساو ڕێککەوتننامەیان لەگەڵیان کرد، سیای ئەسواریش موسڵمان بوو بە مەرجێك خۆیو سوپاکەی بچن بۆ (أشراف العطاء)، ئینجا جوندیسابوور ڕێککەوتننامەی ئاشتیان لەگەڵ موسڵمانان کردو بەم شێوەیەش هەرێمی فارس بەجارێك ملکەچی موسڵمانان بوو.[2]

نەهاوەند (٢١ ك):

بەڵام یەزدی گورد بەردەوام هەر سوپای کۆدەکردەوە لە نەهاوەند، لە زۆربەی دەڤەرەکان بە سەرکردایەتی فەیرەزان، تەنانەت دەگێڕنەوە کە ژمارەی سوپاکەی گەیشتە (١٥٠٠٠٠) جەنگاوەر، ئینجا بۆچوونی عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) گۆڕا لە قەدەغەکردنی قووڵبوونەوە بەرەو ناو خاکی ئێران لە دوای ئەوەی کە ئەحنەف مەسەلەکەی بۆ ڕوونکردەوە، ئەوەی باسکرد کە فارسەکان بەردەوام دەبن لە بەرگریدا تاکو یەزدی گورد لە ژیاندا بێت، خەریکیش بوو عومەر خۆی ڕوو بکاتە عێراق بۆ سەرکردایەتی سوپاکە، بەڵام هاوەڵان ئامۆژگاریان کرد هەنگاوی وانەنێت، ئیتر ئەویش نوعمانی کوڕی موقەڕین و دواتر حوزەیفەی کوڕی یەمانی کرد بە سەرکردەی سوپاکە، دەشگێڕنەوە کە سوپای موسڵمانان ژمارەیان گەیشتە (٣٠٠٠٠) جەنگاوەر، ئینجا نەهاوەند زۆر قایمو بەهێز بوو، فورسەکانیش لەوێوە دەردەچوون بۆ جەنگی موسڵمانان، دووبارە دەشگەڕانەوە بۆ خۆپاراستن لە قەڵاکانی بۆیە موسڵمانان زاڵنەدەبوونە سەریان تا ئەو کاتەی توانیان لەوێ دووریان بخەنەوە، ئەوجا شەڕیان لەگەڵیان کردو تێکیانشکاندن، فەیرەزان کوژرا، نوعمانیش شەهید بوو، موسڵمانانیش نەهاوەندیان فەتحکردو ناویان نا (فتح الفتوح)، ئیدی داوی ئەوە فارسەکان جارێکی تر سەریان بەرز نەکردەوە. لە ئاکامدا هەمەدانو دەبنەوەرو سیروانو صەیمەرو ماهیش هەموویان ملیانداو ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ موسڵماناندا نووسی.[3]

---

١) الطبري: تاريخ ٤: ٧٧ـ ٨٣.

٢) هەمان سەرچاوە ٤: ٨٩ـ ٩٤.

٣) الطبري: تاريخ ٤: ١١٤ـ ١٣٩، ١٤٢ـ ١٤٣.

پلانەکەی عومەر (رەزای خوای لێبێت) بریتی بوو لەوەی لە پاش نەهاوەند یەکسەر بچنە ناو قوولآی خاکی ئێران بۆ ئەوەی فارسەکان فریا نەکەون خۆیان گردکەنەوە، بۆیە بە دەستی خۆی بەیداخی حەوت سوپای بەستو ناردنی، یەکەمیان بۆ خۆراسان بە سەرکردایەتی ئەحنەفی کوڕی قەیس، دووەمیان بۆ ئەردەشیرو سابوور بەسەرکردایەتی موجاشیعی کوڕی مەسعوودی سولەمی، سێ یەم بۆ ئیستەخر بەسەرکردایەتی عوسمانی کوڕی ئەبوعاصی سەقەفی، چوارەم بۆ درابجورد بە سەرکردایەتی ساریەی کوڕی زونەیمی کینانی، پێنجەم بۆ کرمان بە سەرکردایەتی سوهەیلی کوڕی عەدی، شەشەم بۆ سەجستان بە سەرکردایەتی عاصیمی کوڕی عەمر، حەوتەمیش بۆ مەکران بە سەرکردایەتی حەکەمی کوڕی عەمری تەعلیبی.

فەتحی ئەصفەهان :

عومەر هەستا بە ئاراستەکردنی عەبدوڵلای کوڕی عوتبان بۆ ئەصفەهان، لە دوای شەڕێکی سەخت لە دەرەوەی شارەکە، ئەصفەهان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کە سەرانە بدەن، هەندێك ڕیوایەت ئەوە ئاشکرا دەکەن کە بەشێك لە ئەصفەهان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامەوە فەتحکراوە، بەلآم بەشەکەی تری بەشەڕ فەتکراوە، جا بە پی ئەوەی ئەبوشەیخی ئەنصاری دەیگێڕێتەوە شاری جەی لە ئەصفەهان بەبێ جەنگ فەتحکراوە، بەلآم (شق التیمرة) و ڕوستاق و شەیخ و ڕوستاق بوحوار و روستاق جورم قاشان لە ڕێگەی جەنگەوە موسڵمانان چوونەتە ژورەوە.[1]

دووبارە فەتحکردنەوەی هەمەدان :

پاش ماوەیەك هەمەدان صولحەکەیان هەڵوەشاندەوە، ئیتر نوعەیمی کوڕی موقەڕین دوبارە بە صولح فەتیحکردەوە، سوپای هەرێمەکانی باکوور کۆبوونەوە لە دەیلەمو خەڵکی ڕەیو ئازەربایجان بە سەرکردایەتی ئەسفەندیاری ڕازی برای ڕۆستەمی سەرکردەی قادسیە، بەلآم نوعەیم هەموویانی بەزاند لە واج ڕەوزدا.[2]

فەتحکردنی ڕەی:

پاشماوەی ئەو سوپایانە جارێکی تر خۆیان گردکردەوە لە شاری ڕەی بە سەرکردایەتی پادشاکەی سیاوەخش، ڕەی پایتەختی بەهێزی باکوور بوو، یارمەتیشیان پێدەگەیشت لە خەڵکی دەنباوەندو

١) الطبري: تاريخ ٤: ١٣٩ـ ١٤١، وابو الشيخ: طبقات ١٨٩.

٢) الطبري: تأريخ ٤: ١٤٦ ـ ١٥٠.

تەبەرستانو قەومەسو جورجان، چونکە کەوتنی ڕەی بە دەستی موسڵمانان ترسناکیەکی ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەو ناوچانە، هەروەها بە هۆی گرنگی ئاینی ئەو شارە کە پەرستگاکانی ئاگری تیادابوو، لە ڕاستیشدا موسڵمانان ڕووبەڕووی بەرگریەکی توند بوونەوە، تا سەرەنجام ئەو شارە بە هێز فەتحکرا، لەگەڵ ئەوەشدا نوعەیم هەر ڕێککەوتننامەی صولحی لەگەڵیان بەست، لەوانەشە ترسناکی دۆخو دژی دوژمنانی لەم ناوچانە هانیدا بێت بۆ ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە خەڵکی ڕەی هێمن بکاتەوە.

لەگەڵ کەوتنی ڕەی بە دەستی موسڵمانان، قەومەسو دەنباوەندیش هاتن ڕێککەوتننامەیان لەگەڵ موسڵمانان مۆر کرد، تەنها شارەکانی فارس، جورجان، تەبەرستان و ئازەربایجان مانەوە لە ڕێگەی موسڵماناندا بۆ گەیشتن بە ڕۆخی قەزوین، سوەیدی کوڕی موقەڕین نامەی نارد بۆ پادشای ئەم هەرێمانە، بۆیە هەردوو پادشای تەبەرستانو جورجان ڕازی بوون بە ڕێککەوتن، عوتبەی کوڕی فەرقەدو بەکری کوڕی عەبدوڵڵا چوونە پێشەوە بەرەو شارەکانی ئازەبایجانو تووشی ئەسفەندیار بوونو شکاندیانو بە دیلی گرتیان، دوای ئەوە ڕازی بوون لەسەر ئەوەی سەرانە بدەن، هەروەها شەهریرازی فەرمانەدەی بابیش ملیدا بۆ موسڵمانان، بەم شێوەیەش موسڵمانان گەیشتن بە دوورترین شارەکانی فارسو بە تەواوی لە وڵاتی تورکەکانیش نزیکبوونەوە لە باکورەوە.[1]

سەبارەت بە باشووری وڵاتی ئێرانیش موسڵمانان لە بەحرێنو بەصرەوە بەڕێکەوتن بۆ گرتنی هەرێمی فارس، ئیتر عوسمانی کوڕی ئەبولعاصی تەووەجی فەتحکرد بە هاریکاری موجاشیعی کوڕی مەسعوود کە فەرماندەی سوپای بەصرە بوو سەرکەوتنی بەدەست هێنا.[2]

فەتحی هەرێمی فارس:

موجاشیع بەڕێکەوت بەرەو سابوورو ئەردەشیرو لە پاش شەڕێك دەستی بەسەریان گرت، عوسمانی کوڕی ئەبولعاصیش بەڕێکەوت بەرەو ئیستەخر کە پایتەختی هەرێمەکە بوو، گرنگیەکی سیاسیو ئاینی زۆری هەبوو سەرەڕای بەرگریکردنی هوربوز لە شار، بەڵام موسڵمانان توانیان بە زۆر بچنە ژوورەوەو دوای ئەوە صولحیان لەگەڵ هوربوز کرد کە سەرانە بدەن، دووجار دوای ئەوە ڕێککەوتننامەکەیان هەڵوەشاندەوەو دیسان فەتحکرایەوە، بیلازەری دەگێڕێتەوە کە ئەبوموسای

١) الطبري: تاريخ ٤: ١٥٠ـ ١٦٠.

٢) الطبري: تاريخ ٤: ١٧٤

ئەشعەری لە بەصرەوە هاتو بەشداریکرد لە فتوحاتی هەرێمی فارس لەگەڵ عوسمانی کوڕی ئەبولعاصدا، ئیدی فەتحی ئەرجانو شیرازو سبنیزی کرد بە صولح، عوسمانیش درابوجوردی بە هەمان شێوە فەتحکرد، بەڵام تەبەریی ریوایەتێکی جیاواز دەهێنێتەوەو دەڵێت ساریەی کوڕی زونەیم فەتحی پەساو درابوجوردی کرد.[1]

فەتحی کەرمان و موکران:

لەلایەکی تریشەوە سوهەیلی کوڕی عەدی کرمانی فەتحکرد بە هێز، هەروەها حەکەمی کوڕی عەمری تەغلیبیش موکرانی بە هەمان شێواز فەتحکرد، ئەوکاتە یەزی گورد لە کرمان بوو هەڵهات بەرەو مەروی خوراسان..[2]

فەتحی سەجیستان :

عاصیمی کوڕی عەمر توانی فەتحی سەجیستان بکات دوای ئابلۆقەدانی زرنجی پایتەختەکەیو ڕازیبوونیان لەسەر ئەوەی سەرانە بدەن.[3]

فەتحی خۆراسان :

ئەحنەفی کوڕی قەیس توانی دورکەوێتەوە بەرەو قوڵای خۆراسان ـ هەرێمی باکووری ڕۆژهەڵات لە ئێران ـ ئەوجا بە هێز فەتحی هیراتی کردو ڕێککەوتننامەی لەگەڵ خەڵکەکەی نووسی، هێزەکانی نارد بۆ نەیسابوورو سەرەخس، خۆیشی رۆیشت بۆ مەرو کە یەزدی گوردی تیا جێگیر بوو، بەڵام لەوێوە هەڵهات بۆ مەروی رەودو لەوێشەوە بۆ بەڵخو ئەحنەف بە دووی کەوت، بەڵخ کەوتە دەستی موسڵمانانو یەدزدی گورد لەوێشەوە هەڵهات بەرەو سەمەرقەندو پەنای بردە بەر خاقانی تورك، خاقان سوپایەکی کۆکردەوە لە فەرغانەو سەغەد، فەرمانەکانی عومەر گەیشتە ئەحنەف کە نەچێتە پێشەوە بەرەو وڵاتی تورك، چونکە فتوحات بەربڵاوبووەتەوەو دڵنیا نی یە لەوەی فارسەکان پەیمانەکانیان هەڵوەشاندبێتەوەو ببێتە مەترسیەك لە ڕێگەی گەڕانەوەی موسڵمانان، خاقان بە سوپایەکی تورکەوە بەڕێکەوت بۆ بەرەنگاری ئەحنەف، بەڵام کە زانی موسڵمانەکان ئامادەنین پێشکەون بۆ ناو خاکی تورك گەڕایەوە وازیهێنا لە نیازی شەڕکردن، سەبارەت بە یەزدی گوردیش

١) هەمان سەرچاوە ٤: ١٧٥ـ ١٧٩.

٢) هەمان سەرچاوە ٤: ١٨٠ـ ١٨١.

٣) هەمان سەرچاوە.

بێهیوا بوو لە پاشگەزبوونەوەی خاقان لە بڕیارەکەی، یەزدی گورد لەگەڵ خاقان هاتبوو بۆ مەرو، جا کاتیك پاشەکشەی کرد یەزدی گورد هەوڵیدا خەزێنەکانی لە مەرو بهێنێتەوەو لەگەڵ خاقان بگەڕێتەوە، بەڵام خەڵکی شارەکە بەوە رازی نەبوون کاتێك هەر سوور بوو لەسەر داواکاریەکەی خەڵکی مەرو هەڵسان بە کوشتنی یەزدی گورد.[1]

بەم شێوەیەش وڵاتی فارس لە خیلافەتی عومەر دا فەتحکراو موسڵمانان سەربازگەیان لە سەرانسەری شوێنەکان دامەزراند و پێشبینیان دەکرد کە ئەوان پەیمانەکانیان هەڵوەشیننەوە، لە ڕاستیدا فتوحاتی ڕۆژهەڵات پڕ لە سەختییو زەبرو زەنگ بوو، واشی لە موسڵمانان دەخواست قوربانیی زۆر بدەن بە هۆی جیاوازی خوێنەوە، چونکە دانیشتوانی ئێران عەجەم بوون و هیچ پەیوەندیەك نەیدەبەستنەوە بە عەرەبەوە لە ڕووی زمانو ڕەگەزو ڕۆشنبیریەوە، هەروەها هەستی نەتەوایەتی لەلای ئێرانیەکان مێژووی درێژو ڕۆشنبیریی ڕەگو ڕیشەدار گرێی دەدا، لەوەش گرنگتر، شەڕەکان لە ناوەڕاست نیشتمانی ئێراندا هەڵدەگیرساو پیاوانی ئاینی ئاگرپەرستانیش خەڵکیان کۆدەکردەوە لەسەر بەرگریکردن، جگە لەم هۆیانەش دووری ئەو ناوچانە لە مەڵبەندی سوپاکان لە بەصرەو کووفە، ئینجا زەوی ئەو وڵاتە کە شاخاوی بوو یارمەتی دانیشتوانی دەدا بۆ بەرگیریکردن، بۆیە زۆربەی ئەو ناوچانە پەیمانەکانیان هەڵدەوەشانەوە، دووبارە فەتحکرایەوە لە سەردەمی عومەر یان عوسمان (ڕەزای خوایان لێبێت).[2]

---

١) الطبري: تاريخ ٤: ١٦٦ـ ١٧٣.

٢) شكري فيصل: حركة الفتح الاسلامي ٢٢٠ـ ٢٢٥.

لە خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەففان ((ڕەزای خوای لێبێت)):

هەندێ لە هەرێمە ئێرانییەکان پەیمانەکانیان هەڵوەشاندەوە، بۆیە موسڵمانان جارێکی تر فەتحیان کردەوە لە سەردەمی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت)، لەساڵی ٣١ی کۆچی خۆراسان پەیمانیان شکاند بۆیە عەبدوڵڵای کوڕی عامیر بە سوپایەکەوە لە بەصرەوە بەڕێکەوتو دووبارە هەڵسان بە فەتحکردنی شارەکانی مەرو نیسابوورو نەساو هیراتو بوشنەجو بادغیسو مەڕوی شاهجان. ئەمجا ئەحنەفی کوڕی قەیس ئاڕاستەی تەخارستان کرا، لەوێش خەڵکی مەڕوو و ڕەودو جوزەجان و تاڵەقانو فاریابو صەغانیانی لەسەر کۆبوویەوە، ئیتر هەندێکیان بە صولحو هەندێکیان بە هێز فەتحکران، ئینجا هەوڵیدا فەتحی بەڵخ بکات بەڵام نەیتوانی، دواتر لە ڕووباری حەیحون تێپەڕی و خەڵکی وڵاتی (ماوراء النهر) صولحیان کرد لەگەڵیدا، لەپاش ئەوە عوسمان هەڵسا بە دانانی قەیسی کوڕی هەیسەم لە جیاتی ئەحنەف، ئەویش دوورکەوتەوە بە سوپاکەی بەرەو تەخارستانو شارەکانی فەتحکرد، لە لایەکی تریشەوە سەعیدی کوڕی عاس هەڵسا بە فەتحکردنی تەبەرستان، پادشای جورجانیش ڕێککەوتننامەی لەگەڵیان کردو خەڵکی ئازەربایجانیش شۆڕشیان کرد، بۆیە وەلیدی کوڕی عوقبە غەزایکردن و گێڕایاندنیەوە بۆ گوێڕایەڵی، هەروەها ئەرمینیاش لە سەردەمی عوسماندا فەتحکرا.[1]

لە خیلافەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ((ڕەزای خوای لێبێت)):

پەشێویو ڕووداوەکانی شاری مەدینە کاریگەریان هەبوو لەسەر فتوحاتی ڕۆژهەڵات لە کۆتای حوکمڕانی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت)، تاڕادەیەك کپی دروست بوو لە بەرەکانی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو هەندێك لەو شارانە هەڵسان بە هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتننامەکانیان لەگەڵ موسڵماندا لە کۆتایەکانی خیلافەتی عوسمان، نموونەی ئەوانەیش شارەکانی بەڵخو هیرات بوون، پەشێوی ناوخۆی لە خیلافەتی عەلی بواری نەکردەوە بۆ بەردەوامی بزووتنەوەی فەتحکردن.

١) الطبري: تاريخ ٤: ٢٤٦ـ ٢٤٧، ٢٦٩ـ ٢٧١، ٢٨٦، ٢٨٧، ٢٩٣ـ ٢٩٤، ٣٠٣، ٣٠٩ـ ٣١٦.

باسی دووەم: فتوحاتی شام و میصر و مەغریب

فتوحاتی شام لە خیلافەتی صدیق ((رەزای خوای لێبێت)):

پێغەمبەری خوا (ﷺ) سەرنجی موسڵمانانی راکێشابوو بۆ فەتحی شام، لە سەردەمانی شەڕی موئتە (٨ك)و ئینجا هەڵمەتەکەی ئوسامە لە ساڵی (١١ك) کە قەدەری خوا وابوو دواکەوێت تا خیلافەتی ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت).

دواتر ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) دەستی کرد بە ئاراستەکردنی هەڵمەتەکان بۆ شام پاش ئەوەی لە ساڵی ١٣ ك لە حەج گەڕایەوە، پاشان خالیدی کوڕی سەعیدی کوڕی عاصی ئاراستە کرد بۆ تەیماء بۆ ئەوەی بیکات بە سەربازگەیەك جەنگاوەری تیا گردبکاتەوە، پاشان خالید دوورکەوتەوە بەرەو وڵاتی شامو دواتر ئەبوبەکر کۆمەکی کرد بە ناردنی وەلیدی کوڕی عوقبەو عیکریمەی کوڕی ئەبوجەهل بە دوایدا، سەرکردەی ڕۆمیش (باهان) توانی خالید راکێشێت بە دوای خۆیدا، چونکە وای بۆ دەردەخست کە دەکشێتەوە بۆ دیمەشق تا گەمارۆی دا و کەوتە جەنگ لەگەڵیاندا لە شەڕی ناسراو بە (مرج الصفر) خالیدی کوڕی سەعیدو وەلیدی کوڕی عوقبە هەڵهاتن، عیکریمەش بە سوپاکە پاشەکشەی کردو گەیشتە ئەو هێزانەی ئەبوبەکر ناردوویانی بۆ شام، ئەبوبەکر (رەزای خوای لێبێت) جێگای مەبەستی بۆ ئەو هێزانە دیاری کردبوو، ئەبوعوبیدە بەرەو حیمصو یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان بەرەو دیمەشقو شورەحبیلی کوڕی حەسەنەیش بەرەو ئوردونو عەمری کوڕی عاصیش بۆ فەلەستین، ئەم سوپایانەش لە ژێر یەك سەرکردایەتیدا نەبوون.[1]

یەکەم پێکدادان:

لە هەندێ دەڤەرەکانی شام لێکدان دروست بوو لەگەڵ ڕۆمەکان، کاتێك یەزیدی کوڕی ئەبوسوفیان لەگەڵ سوپای ڕۆمەکان بەسەرکردایەتی سەرجیوس بەیەکگەیشتنو سەرکەوتنە سەریان لە جەنگی وادی عەرەبە، هەروەها عەمری کوڕی عاصو شورەحبیلی کوڕی حەسەنە بە یەکگەیشتن لە ئەرتەبۆن (أريطيون) لە ئەجنادینی فەلەستین، ناچاریشیان کرد بکیشێتەوە بۆ قودس.[2]

بەڵام موسڵمانان کۆسپو تەگەرەیان هاتە پێش لە بەر زۆری ژمارەی ڕۆمەکان، ئەوان سوپایەکی گەورەیان ئامادەکردبوو بە سەرکردایەتی تیودریکی برای هیرەقل کە سەربازگەی راگرتبوو لە

١) الطبري: تاريخ ٣: ٣٨٧ـ ٣٩٤.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٤٠٦ـ ٤١٧، ٤١٨، عن ابن اسحق، ٦٠٥ والبلاذري: فتوح البلدان ١٣٥ـ ١٣٦.

جێگایەك لای یەرمووك، بۆیە عەمری كوڕی عاص پێشنیاری وابوو كە سوپاكانی ئیسلام لەلای یەرمووك كۆببنەوە، ئیتر وایانكرد.

یەرمووك (لەتەبەری ساڵی ١٣ ك):

ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێت)، خالیدی كوڕی وەلیدی لەگەڵ نیوەی سوپاكەی عێراق نارد كە هاتبوون بۆ یارمەتی موسڵمانانی شام، خالید بە خێرایەكی لە ئاسایی بەدەر بیابانی بڕیو پەیوەندیی كرد بە سوپاكانی ئیسلامەوە لە یەرمووك، پاش ئەوەی كە لە ڕێگەی خۆیدا بوصراو چەند مێرگێكی فەتحكرد، سوپاكانی ئیسلام هەموویان لە ژێر ئاڵای خالیدی كوڕی وەلید دا كۆبوونەوە، ئەمجا دەستاڕی شەڕ كەوتە خولانەوە، موسڵمانان ئازایەكی بێوێنەیان نواند و عیكریمەیش شەهید بوو.

ڕۆمەكان بەرگری سەختیانكرد، هەندێكیشیان هەڵهاتن، زۆربەشیان كەوتنە ناوشیوی واقووسە و كوژراوەكانیان بە هەزاران بوون، سوپای موسڵمانانیش هەزار لە یارو یاوەرانی پێغەمبەری (ﷺ) لەخۆگرتبوو كە سەدیان لەوانە بوون بەشداری جەنگی بەدریان كردبوو،[1] لە پاش ئەم شەڕە هیرەقل لە شاری ئەنتاكیە دەرچوو، دواتر ماڵئاوای لە سوریا كرد، ڕێگاشی لە بەردەم موسڵماناندا واڵا كرد بۆ ئەوەی بڵاوببنەوە بەناو وڵاتی شامدا، بەڵام لە كۆتای ئەم جەنگەدا ئەبوبەكر (ڕەزای خوای لێبێت) وەفاتی كرد،[2] و عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) بوو بە خەلیفە، دەشگێڕنەوە دوای گەمارۆی دیمەشق بووە،[3] بەڵكو ڕیوایەتێكی تریشی هەیە پێچەوانەی ئەوەكان دەڵێت یەرمووك دوای فەتحی دیمەشق ڕوویداوە، واتە لە خیلافەتی عومەردا ڕوویداوە.

١) ابن عساكر: تاريخ دمشق ١: ٥٢٩ (ط. المنجد).

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٣٩٤ـ ٤٠٨.

٣) البلاذري: فتوح البلدان ١٤٤.

لە خیلافەتی عومەر ((رەزای خوای لێبێت)):

لابردنی خالید:

عومەر خیلافەتی خۆی بە لابردنی خالید دەستپێکرد لە سەرکردایەتی گشتیی شامو بە ئەبو عوبەیدەی عامیری کوڕی جەڕاحی سپارد، هەندێك ئەوە پەسەند دەکەن کە هۆی لابردنی خالید دەگەڕێتەوە بۆ هەڵوێستی لە مالیکی کوڕی نووەیرە، یان دەیگێڕنەوە بۆ ناکۆکیەك لە نێوانیاندا هەر لە سەردەمی جاهیلیەوە، یان بۆ بێتاقەتبوونی عومەر لە هەڵەشەی خالید بە موسڵمان لە شەڕەکاندا، بەڵام ئەوەی کە عومەر دەیەویست خۆی سەرپەرشتی فەرمانڕەواو سەرکردەکانی بکات، هەر خۆیشی پلانی سازدەکرد بۆ ئەو شەڕانەی لەبەرەکانی عێراقو شام هەڵدەگیرسا، سەرچاوەکانیش وردەکاری ئەو مەسەلەیەیان گێڕاوەتەوە، خالیدیش سروشتێکی بوو حەزی لەسەربەخۆی و هەڵسوکەوتی سەربەستانە دەکرد، بۆیە پێویست بوو لابرێت بۆ دروستبوونی گونجاندن لە نێوان خەلیفەو فەرماندەی سوپادا، هەروەها دووریش نی یە لەبەرئەوە لایبردبێت خەڵکی شەیدا نەبنو وابزانن سەرکەوتن بە دەست نایەت بەبێ خالید.

فەتحی دیمەشق (لەتەبەری سەرەتاکانی ساڵی ١٤ ك):

ئەبوعوبەیدە ڕاوێژی بە خەلیفە کرد ئایا بچێت بۆ دیمەشق یان بەرەو فەحلی ئوردوون، ئەویش ڕای وابوو بەرەو دیمەشق بچن، موسڵمانان شەش مانگ ئابلوقەیاندا، دوای خالید بە زۆر دەروازەی ڕۆژهەڵاتی کردەوە، ئەبوعوبەیدەش دەروازەی جابیەی بەڕێکەوتن کردەوە، ئینجا ئەبوعوبەیدە ڕێککەوتننامەی لەگەڵ دیمەشقدا نووسی، موسڵمانانیش لە دیمەشق زیاتر لە دەوروبەرەکەی جێگیر بوون.[١]

دواتر موسڵمانان بە سەرکردایەتی شورەحبیل ڕوویانکردە فەحەل، کە گەیشتن بە ڕۆمەکان سەرکەوتن بەسەریانداو ڕاویاننان، بۆیە خەڵکی تەبەریەو بەیسانو ئەزرەعات و عەممان و جەرەش و مەئاب و بوصرا لەگەڵ موسڵمانان ڕێککەوتن بە پی ڕێککەوتننی دیمەشق (ئەویش ئەوەبوو موسڵمانان نیوەی ماڵو سامانەکانیان ببەن و ساڵانە یەك دینار سەرانەیش بدەن بۆ هەموو کەسێك).[٢]

---

١) ملكة ابيض: التربية والثقافة العربية الاسلامية في الشام والجزيرة ص٣٩٣.

٢) الطبري: تاريخ ٣: ٤٣٤ـ ٤٣٧ـ ٤٤٤. والبلاذري: فتوح البلدان ١٤٤ـ ١٤٧.

حیمص و حەما و لادەقیە و قەنسەرین و حەڵەب:

لەپاش فەتحی دیمەشق‌و فەحەل موسڵمانان توانیان دەسەڵاتیان فراوانکەنەوە سەر سوریاو جەزیرەو فەلەستین‌و ئوردون، ئەبوعوبەیدە بەرەو حیمص بەڕێکەوت‌و ئابلۆقەی دا، دواتر لە ڕێگەی ڕێککەوتنەوە فەتحکرا پاش بومەلەرزەیەك كە لە شارەكەیدا، ئینجا حەمایش ڕێککەوتننامەی بەست لەگەڵ موسڵماناندا لەسەر هەمان مەرجەکانی صولحی حیمص.

دوای ئەوە ئەبوعوبەیدە بەرەو لادەقیە بەڕێکەوت‌و گەمارۆیدا، خەڵكەكە ماوەی ئابلۆقەكەیان درێژکردەوە بەمەبەستی فراوانکردنی ئەنتاکیە، بەڵام ئەبوعوبەیدە توانی بە هێز شارەکەیان فەتح بکات.

دوای ئەوە خالید ڕوویکردە قەنسەرین لە نزیك حەڵەب‌و بە هێز دەستی بەسەرا گرت، خەڵكەكەی داوای صولحیان کردو خالید ڕازی نەبوو، بەڵام ئەبوعوبەیدە ڕێککەوتننامەی صولحی لەگەڵیان بەست، سەرەڕای ئەوەش کاتێك موسڵمانان بەجیانهێشت بۆ حەڵەب خەڵكەكە شۆڕشیانکردو پەیمانەکەیان شکاند،بۆیە دووبارە داگیرکراو هێزێکی تیا بەجێما.

هەروەها ئەبوعوبەیدە هەڵسا بە ناردنی عیازی کوڕی غەنەم بۆ حەلەب کە عەیاز ئابلۆقەیدا و دواتر لەگەڵیان ڕێکەوت.[1]

ئەنتاکیە:

ئەنتاکیە پایتەختی ئیمپراتۆریەت بوو لە ڕۆژهەڵات هەروەکو خۆی مایەوە، هیرەقلیش بەجیهێشت بەرەو ڕوها، بۆیە ئەبوعوبەیدە ئابلۆقەیداو بەپی ڕێککەوتننامەیەك شارەکەیان بەجێهێشت، بەڵام خەڵكەكە شۆڕشیانکردو پەیمانکەیان شکاند، ئینجا عەیازی کوڕی غەنەم جارێکی تر دەستی بەسەرا گرتەوەو پارچەیەك لە سوپاکەی تیایدا جێگیر کرد.

لە کاتێکدا کە ئەبوعوبەیدەو خالیدو عەیاز کۆششیان دەکرد بۆ پاککردنەوەی سوریاو جەزیرە، عەمری کوڕی عاص بەرەو فەلەستین بەرەوپێش دەچوو، چونکە لە پاش شەڕی ئەجاندین (١٣ ك) ئەرتەبۆن پەنایبردە بەر قەڵاکانی (بيت المقدس)، موسڵمانانیش دەرچوون بە ئاڕاستەی شارەکانی ڕۆخی دەریا بۆ فەتحکردنیان، ئیتر ڕەفەح‌و غەززەو سەبستیەو نابلوس‌و لەددو عەمەواس و بەیت

١) الطبري: تاريخ ٤: ٥٠- ٥٦، والبلاذري: فتوح البلدان ١٥٦، ١٥٧، ١٦٢، ١٧٢، ١٧٤، ١٧٥.

جیبرین‌و یافا هەموویان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی موسڵمانانەوە، هەندێکیان بە هێزو هەندێکیان بە ڕێککەوتن.

بەیتولمەقدیس:

دواتر عەمری کوڕی عاص ڕوویکردە (بيت المقدس) و ئابڵوقەی دا بۆ ماوەیەکی درێژخایەن، خەڵکی قودس کاتێك هەستیان کرد بە توندی ئابڵوقەکەو دەستبەسەراگرتنی موسڵمانان بەسەر شارەکانی قەراغی دەریا، حەزیان لە ڕێککەوتن کرد، مەرجی سیفرۆنیس لە ڕێگای مەدینە ئەوەبوو کە ڕێککەوتنەکە لە لایەن عومەر خۆیەوە سەرپەرشتی بکرێت بۆ ئەوەی متمانە پێکراو بێت، ئیتر عومەر (ڕەزای خوای لێبێت) خۆی هات بۆ جابیەو ڕێککەوتننامەکەی نووسی بۆ قودس، دوای ئەوە کلیلەکانی تەسلیم بە عومەر کرا، سەبارەت بە ئەرتەبۆن کە فەرماندەی هێزەکانی قودس بوو پاشەکشەی کرد بۆ میصر.[1]

ئا بەم شێوەیە فەتحکردنی وڵاتی شام ئەنجامدرا لە خیلافەتی عومەردا (ڕەزای خوای لێبێت)، "بێزەنتەکانیش دەرچون‌و لایەنگرەکانیان لە شارەکان شوێنیان کەوتن، ژمارەی ئاوارە عەربەکان زۆر لە ژمارەی سوپای موسڵمانان زۆرتر بوو، چونکە ژمارەی سوپاکانی فەتح ـ وەکو سەرچاوەکان دەڵێن ـ دەگەشتە (٢٤٠٠٠) تا (٢٧٠٠٠) شەڕکەر، پاشان زیادی کرد بۆ (٤٠٠٠٠) لە کۆتای خیلافەتی ڕاشیدەو ئینجا بۆ (٦٠٠٠٠) لە ڕۆژگاری موعاویەی یەکەمدا، جگە لە خێزانەکانیان، ئەم ژمارەیەش ئەوەندەی ژمارەی یەك هۆزە لەو هۆزانەی بەر لە ئیسلام لەو ناوچەیە جێگیربوون، وەکو هۆزی غەسسان کە دەوڵەتێکیان لە حۆران پێکهێنا لە سەدەی پێنجەمی زاینی،[2] بیلازەری دەگێڕێتەوە کە شازادەی غەسسانی جەبەلەی کوڕی ئەیهەم لە پاش فەتح شامی بەجێهێشت لەگەڵ (٣٠٠٠٠) کەس لە شوێنکەوتوانی.[3]

ئەوەش تێبینی دەکرێت کە مێژوونووسەکان بە کورتی باسی فتوحاتی شامیان کردووە، لە کاتێکدا فتوحاتی عێراقیان بە شیکراوەی باسکردووە، وێڕای ئەوەش هەندێك شیکردنەوە هەیە دەربارەی یەرمووك‌و فەتحی دیمەشق‌و قودس. بەڵام هەڵوێستی عەرەبەکانی شام لە فەتح‌و لە ئیسلام، لە ژیانی

---

١) الطبري: تاريخ ٣: ٦٠٧ـ ٩١٢.

٢) ملكة أبيض: التربية والثقافة العربية الاسلامية ص٥٨.

٣) البلاذري: فتوح البلدان ١٦١.

پێغەمبەردا (ﷺ) هیچ نێردەیەك لە لای ئەوانەوە نەهات بۆ بەیعەتدان، ئەگەرچی خەڵكی جەرباو ئەدرەحو دەومەتولجەندەل رێككەوتننامەی ئاشتیان لەگەڵدا كرد لە غەزای تەبووك.
لە راستیدا زۆرێك لە هۆزە عەرەبەكان وەكو بەهراء كەلبو سولەیمو تەنوخو لەخمو غەسسان لەگەڵ رۆمەكان دژ بە فارسەكان شەڕیان كرد، لە هەمان كاتدا هەندێ لە عەرەبكانی لەخمو جوزام پشتگیری موسڵمانیان كرد دواتر لە یەرمووك، بەڵام كاتێك سەختیی شەڕیان چاوپێكەوت هەڵهاتن، ئینجا نیوەی سوپای رۆمەكانی عەرەب بوون بەسەركردایەتی جەبەلەی كوڕی ئەیهەمی غەسسانی.
گاورەكانی شامیش بەرگری سوپاكانی ئیسلامیان كرد لەبەر هەندێ هۆكاری ئاینی، بەڵام كاتێك بینیان موسڵمانان سەركەوتن حەزیان لە رێككەوتن كرد لەگەڵیان، نۆڵدێكەو تریمەنكەهام بۆچوونیان وایە هەڵسانی هۆزە بەگاوربووەكان بە بەرگریكردنی فەتحی ئیسلامی هەڵقوڵاو نەبوو لە پابەندبوونێكی ئاینیەوە، ئەوەندەی كە پەیوەست بوو بە بەرژەوەندیەكانیان، جا كاتێك ئەو بەرژەوەندیانە نەماو رۆمەكانیش رازی نەبوون ئەو برە پارانەی پێشتر دەیاندا بیدەن بەو هۆزانە كە دەروازەكانی بیابانیان دەپاراست، ئەو كاتە ئەوانیش دەستیان كرد بە گۆڕینی هەڵوێستەكانیان لەگەڵ موسڵماناندا.[1]
بەڵام رۆمەكان لە چەندین گۆڕەپاندا بە سەختی جەنگیان كرد و وایانزانی بزووتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی غەزایەكەو كۆتای پێدێت بە كشانەوەی عەرەبەكان دوای بەدەستهێنانی هەندێ سەروەتو سامان، بەڵام ئەوەیان نەزانی كە عەرەب گۆڕانكاریان بەسەردا هاتووە و ئێستا نموونەو بەهاو بنەماگەلێكیان هەیە لە هەموو گەنجینەكانی سەرزەوی بەنرخترە. كاتێكیش بە هەزاران شەهیدیان داوە لەسەر خاكی شام مەبەستیان بڵاوكردنەوەی پەیامی خواو جێگیركردنیەتی، نەوەك تاڵانكردنی وڵاتە فەتحكراوەكان، هەرئەوەش نهێنی بەردەوامی بوونیان بو لەوێ.[2]

---

١) د. محمد عبدالقادر خريسات: دور العرب المتنصرة في الفتوحات ص٢، ضمن بحوث المؤتمر الدولي الرابع لتاريخ بلاد الشام ـ ١٩٨٥ م.

Trimingham Christinaty amang the Arabs in Pre – islsmic tim – long man Landon and New York, P. 56 – 1979.

٢) شكري فيصل: حركة الفتح الاسلامي ٤٤ـ ٥٥.

فەتحکردنی میصر:

پاڵنەرەکانی فەتحکردنی میصر لە لای موسڵمانان بەهێز بوو، لە لایەکەوە بیروباوەڕەکەیان کە دەیانەویست جێگیری بکەن لە هەموو شوێنێکدا، میصریش بەدەم فەلەستینەوە بوو، جا شتێکی ئاسای بوو دوای فەتحکردنی فەلەستین ڕوو بکەنە میصر، موسڵمانان توانیان ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی بکەن بە دووکەرتەوە، دەریا نەبێت هیچیان لە نێوندا نەبوو، دوای ئەوەی کە دەستیان گرت بەسەر ڕێی شامدا، هەروەها لە میصرو باکووری ئەفریقا سوپاو سەربازگەی ڕۆمی زۆری تێدا بوو، موسڵمانانیش لە شام و میصر دڵنیا نابن لە ژێر دەسەڵاتی ڕۆمەکاندا، میصریش دەوڵەمەندە، سەرچاوەیەکیشە بۆ بەخێوکردنی قوستەنتینیە، جا ئەگەر موسڵمانان دەستیان بەسەرا گرت، دەسەڵاتی بیزەنتیەکان زۆر لاواز دەبێت و موسڵمانانی شامو حیجازیش دڵنیا دەبن، چونکە پەیوەندیکردنی ڕۆم بە حیجازەوە ئاسان دەبێت لە ڕێگەی میصرەوە.

عەریش:

عەمری کوڕی عاص داوای ڕێگەپێدانی کرد لە عومەری کوڕی خەتتاب سەبارەت بە فەتحکردنی میصر و بە سوپاکەیەوە ڕوویکردە عەریش و داگیریکرد بەبێ هیچ بەرگریەك، ئەمجا بەڕێکەوت بەرەو فەرما، ڕۆمەکان بۆ ماوەی مانگێك یان دوو مانگ بەرگریان لێکرد، بەڵام سەرئەنجام عەمر توانی دەستی بەسەرابگرێت، دوای ئەوە بەرەو بەلبیس[1] ڕۆیشت لە باکووری ڕۆژهەڵاتی قاهیرەو داگیریکرد، پێکدادانیش ڕوویدا لەگەڵ ئەرتەبۆن، بەڵام عەمر توانی بیبەزێنێ.

قەڵای بابلیۆن:

ئینجا چووە پێشەوە بەرەو قەڵای بابلیۆن کە هێزەکانی ڕۆم بەسەرکردایەتی نیۆدۆرس و سەرۆکایەتی مقۆقیس کە ڕۆمەکان کردبوویان بە بەتریکی ئەسکەندەریەو فەرمانڕەوای میصر، موسڵمانان سەربازگەی خۆیان لە عەین شەمس (هیلوبۆلیس) دامەزراند، یارمەتی خەلیفەشیان پێگەیشت بە سەرکردایەتی زوبەیری کوڕی عەووام و میقدادی کوڕی عەمرو عوبادەی کوڕی صامیت، چوونە پێشەوە بەرەو قەڵای بابلیۆنو ئابڵوقەیان دا، بەڵام ئابڵوقەکە درێژەی کێشا لەبەر قایمی قەڵاکە، ڕۆمەکانیش لی دەردەچوون بۆ شەڕکردن و دەگەڕانەوە نێو قەڵاکە، تا ئەوەی کە موسڵمانان زاڵبوونە سەریان لە دەرەوەی ئەو قەڵایە، ئیتر سیودورس هەڵهات بەرەو ئەسکەندەریە و

---

١) شكري فيصل: حركة الفتح الاسلامي ١١٨ـ ١٢٠، وبتلر: فتح العرب المصر ١٩١.

مقۆقیسیش پەنای بردە بەر قەڵاکان، لە پاش حەوت مانگ ئابڵوقەدا ڕێککەوت لەگەڵ موسڵمانان لەسەر ئەوەی کە قیبتیەکان سەرانە بدەنو ڕۆمەکان سەربەست بکرێن، لە ماوەی ئابڵوقەدانەکەدا عەمری کوڕی عاص توانی دەست بگرێتە سەر فەیومو باشووری دەلتاو هەروەها ئوم دەنین کە یەکێك بوو لە سەربازگە گرنگەکانی ڕۆم.

لە دوای کەوتنی قەڵای بابلیۆن، ڕێگە لەبەردەم موسڵمانان واڵا بوو بۆ دەستبەسەرگرتنی میسری خوارووو کە لەوێ تووشی بەرگری سەخت بوون، هەروەها ڕۆیشتن بەرەو ئەسکەندەریە لە باکوور کە جێبگایەکی قایمکراوو بەهێز بوو، هەروەها لەبەرئەوەی لەسەر دەریایە بواری بۆ ڕۆم دەکردەوە کە یارمەتی بگەیەنن پی لە ڕێگای دەریاوە، سوپای ئیسلامیش لە ڕێکردنی بەرەو ئەوێ تووشی بەرگری ڕۆمەکان بوویەوە تاکو گەیشتن بە ئیسکەندەریە، ڕۆمەکان بەرگریان لەو شارە کردو بە مەنجەنیق لە موسڵمانانیان دەدا، ئابڵوقە درێژەی کێشا، ئینجا هیرەقلی ئیمپراتۆر مقۆقیسی لەسەر میصر لادابوو و دەربەدەری کردبوو لەبەرئەوەی صولحی لەگەڵ موسڵمانان کرد لە بابلیۆن، بەڵام هیرەقل مردو مقۆقیس گەڕایەوە سەر فەرمانڕەوایەتی خۆی لە میصرو بینی ئەسکەندەریە ئابڵوقە دراوە، ئەویش بڕیاریدا ڕێککەوتن لەگەڵ موسڵمانان بکات، هەرکەسێك دەمێنێتەوە سەرانە بداتو ڕێگەش لەکەس ناگیردرێت بچێت بۆ لای ڕۆمەکان. بەم شێوەیەش موسڵمانان دەستیان گرتە سەر ئەسکەندەریەو دەستیانکرد بە دروستکردنی شاری (الفسطاط)و هەڵکەندنی کەناڵێك لە نێوان نیلو دەریای سوور، دواتر عەمری کوڕی عاص بەرەو ڕۆژئاوا چوو، ئینجا شاری بورقەی فەتحکرد بەڕێککەوتن لە ساڵی ٢١ ك، تەرابلوسیشی بە زەبری هێز فەتحکرد لە ساڵی ٢٢ك.

تێبینی دەکرێت کە هەڵوێستی ڕۆمەکان لە میصر بەوە جیادەکرێتەوە بەرگری توندوتیژی موسڵمانیان دەکرد، چونکە موسڵمانان دەسەڵاتیان لێزەوتکردن، هەندێکیشیان ئاشتیان هەڵدەبژارد وەکو مقۆقیس بە مەبەستی سوودوەرگرتن لە موسڵمانان، دوای ئەوەی دەستی تەکان لە بێزەنتیەکان.

سەبارەت بە قیبتیەکان، ئەوان یارمەتی موسڵمانیاندا لە چاککردنی ڕێگەوبانو پردەکانو تفاقی پێویستیشیان پیان دەدا.

ئینجا بە هۆی ستەمی بیزەنتەکان لە ئەوان لە ڕووی ئاینیی و ماندووکردنیان بە باجدان، لەلایەکی تریشەوە ئەو ئازادیە ئاینیە کە موسڵمانان دەرفەتیاندا بۆ گاورەکانی شام وایکرد قیبتیەکان پێشوازی بکەن لە موسڵمانان.[1]

لە خیلافەتی عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت):

دووبارە فەتحکردنی ئیسکەندەریە:

عوسمان (ڕەزای خوای لێبێت) عەمری کوڕی عاصی لەسەر فەرمانڕەوایەتی میصر لابردو عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرحی خستە جێگەکەی لە ساڵی ٢٧ ك، بۆیە ئیسکەندەریە بە جارێ ڕاپەڕین دژ بە موسڵمانان و قوستەنتین ـ کە ئیمپراتۆر بوو ـ گەلەکەشتیەکی نارد بە فەرماندەی مەنویل ئەرمەنی و ئیسکەندەریەی داگیرکرد و بەرەو جێگەکانی تر بەڕێکەوت، لەم کاتەدا عوسمان عەمری کوڕی عاصی گەڕاندەوە بۆ سەرکردایەتی سوپاکەو ئەویش ڕۆمەکانی قاوداو ئیسکەندەریەی داگیرکردەوەو شوورەکانیشی ڕووخاند.[2]

سوودان:

عوقبەی کوڕی نافیعی فیهری دەرچوو بەرەو وڵاتی نەوبە (سوودان)، بەڵام نەیتوانی زۆر بچێتە قووڵای ئەو وڵاتەوە، دواتر عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی سەرح ئاشتی لەگەڵیان کردو دیاریان ئاڵۆگۆڕ کرد.

ئیفریقیە:

هەروەها عەبدوڵڵای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرح نێردراوی نارد بۆ لای عوسمان بۆ ئەوەی ڕێگە بدات غەزای ئیفریقیەکان بکات، عوسمانیش هەڵسا بە ناردنی سوپایەك لە مەدینەوە سەرانی هاوەڵانی تیادا بوو، سەرەتا عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوسەرح خۆی سەرکردایەتی سوپاکەی کرد، بەڵام دواتر زوبەیری کوڕی عەوام بوو بە سەرکردە، ئەویش توانی سەرکەوێتە سەر جەرجیری پادشای ئیفیرقیە، دەستکەوتێکی باشی دەستکەوتو گەڕایەوە، جا غەزاکەی فەتحێکی ڕێك و پێك نەبوو،[3]

---

١) الطبري: تاريخ ٤: ١٠٤، وشكري فيصل: حركة فتح الاسلامي ١٣٧ـ ١٤٥.

٢) البلاذري: فتوح ابلدان ٢٥٧ـ ٢٦٣.

٣) جرجوریس یەکێکە لە سەرکردەکانی ئیفرەنج کە سەرکەوتنە سەر ئیفریقیە دوای کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ڕۆمەکان، ئەو سوبەیتەلەی وەکو پایتەخت بۆ خۆی راگرت لە جیاتی قرتاجەننە لەبەر پتەوی و قایمی جێگاکەی، سەرەتا جێگری بێزەنتەکان

بەربەریش لە ئیفیرقیەوە و مەغریبدا لە ژێر دەسەڵاتی پادشای فێرەنجەدا بوونو ئاینیان مەسیحی بوو.[1]

(ذات الصواري):

موسڵمانان بایەخیان دایە دروستکردنی گەلەکەشتی دەریای، بە سوودوەرگرتن لە شارەزای دانیشتوانی ئەسکەندەریە، گەلەکەشتی موسڵمانان توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنێ لەسەر گەلەکەشتی ڕۆمەکاندا لەشەڕی (ذات الصواري) لە دەریای ناوەڕاست لە نزیك ئیسکەندەریە ساڵی ٣٤ ك، هەروەها موسڵمانان توانیان دەستبگرنە سەر هەندێ کەشتی ڕۆمەکانو بیخەنە سەرکەشتیەکانی خۆیان.[2]

سوپاو سیستمی شەڕکردن:

سوپا لە سەردەمی خیلافەتی ڕاشیدەدا بەو شێوە رێکوپێکە نەبوو کە دەیبینین لە سەردەمی عەباسیەکاندا، بەڵکو میللەت هەمووی جەنگاوەر بوون کاتێك بانگ دەکران بۆ جیهاد، ئەو کاتە هەر کەسێك توانای چەك هەڵگرتنی بوایە و ناوی لە دیوانی خەڵاتو موچە نووسرابێت، هەموویان هەڵدەستان بۆ بەدەنگچوونەوەی هەڵمەت سەربازی،[3] بۆیە مەشقی ڕۆژانە لە ژێر چاودێری دەوڵەتدا نەبوو، بەڵکو سوپاکانی فەتح پشتی دەبەست بە ئەو خۆبەخشانەی خۆیان مەشقیان بە خۆیان دەکرد لە مەلەوانیو تیرهاویشتن و زۆرانو سوارچاکی بە شێوەیەکی بەردەوام بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ جیهاد، ئەویش بوو بە مایەی ئامادەبوونی ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەرانی شارەزا بە شێوازو هونەرەکانی جەنگ لەو سەردەمەدا.

"بەڕاستی پێغەمبەری سەرکردە (ﷺ) بنچینەکانی سەربازی ئیسلامی گیرسانەوە، هەڵسا بە دانانی ڕێنمایە بیردۆزەیو پیادەیەکان، خەلیفە ڕاشیدەکانیش لەسەر هەمان ئەو هەنگاوانە بەرێوە ڕۆیشتن لە جێبەجێکردنی ئەو ڕێنمایانەدا، هەربۆیە توانیان گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بهێنن

بوو، بەلأم دوایی سەربەخۆیی راگەیاند لە ئەوان. (حسين مؤنس: فتح العرب للمغرب ٩٦ هامش رقم ٢، والزاوي: تاريخ الفتح العربي في ليبيا ٢٤، والسلاوي: الاستقصا في اخبار الدول المغرب ١: ٧٥).

١) الطبري: تاريخ ٤: ٢٥٣- ٢٥٦، والبلاذري: فتوح ٢٦٧- ٢٦٨.

٢) سعد زغلول: تاريخ المغرب ١- ١٢٦.

٣) فاروق عمر فوزي: النظم العسكرية، نشأة الجيش النظامي في الاسلام ٢: ٢٢٩، (وقائع ندوة النظم الاسلامية، أبوظبي ٥: ١٤ك).

بەسەر سوپا زەبەلاحەکانی ڕۆم‌و عەجەم، ئەو هەموو وڵاتانەشیان فەتحکرد لە ماوەیەکی کورتدا،[1] ئینجا هۆز یەکەیەکی سەربازی بوو لە گۆڕەپانی جەنگدا، هەروەها بناغەی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی‌و کارگێڕی بوون لە شارو شارۆچکەکان.[2] ئینجا سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندیی هۆزایەتی هەر بە چالاکی مایەوە لە پەیوەندیی هۆزەکان پێکەوە یان بە دەوڵەتەوە، دەوڵەتیش گرنگیی پیان دەدا، بەڵام پەلهاویشتنی ئیسلام لەناو کۆمەڵگاو بەهێزی بیروباوەڕی ئیسلامی لە دڵەکاندا، کەم کەم بوو بە مایەی کزبوونی گیانی هۆزایەتی، بۆیە هەندێك پێوەرو پەیوەندی تازە سەری هەڵدا لەسەر بناغەی یەکسانی‌و لە خوا ترسان، بەدەر لە تێڕوانین بۆ بنچینەو رەچەڵەك، هەروەها سەرهەڵدانی کۆمەڵانێکی نوێ کە خەڵکی کۆدەکردەوە لە ناوەندە جیا جیاو هۆزگەلی جیاواز، ئەمانە هەمووی یارمەتی ئەوەیان دا کە گەیەنەری تازە دروست بێت لەسەر بنەمای ئەندێشەیی‌و سیاسی‌و ئاینی لە جیاتی گەیەنەری هۆزایەتی کۆن،[3] هەروەها جێگیربوونی عەرەب لە شارەکان بوو بە مایەی تێکەڵبوونی هۆزەکان‌و بەیەکداچوونی کۆمەڵایەتی وەکو ژنهێنان‌و شووکردن، هەروەها لە ڕووی ئابووریەوە بە یەکێتی بەرژەوەندیەکانی میصر، ئینجا پەیوەندیە کۆمەڵایەتی‌و ئابووریە تازەکان لەگەڵ ڕۆژگاردا بەهێز دەبوون، لە کاتێکدا کە پەیوەندیە هۆزایەتیەکان لاواز دەبوو.

سوپایش لە سەرەتاوە عەرەب بوون، بەڵام دواتر ژمارەیەکی زۆر هێزەکانی فارس‌و ڕۆم خۆیان دەدا بە دەستەوەو موسڵمان دەبوون، حەزیشیان دەکرد لە ریزی هێزە موسڵمانەکاندا خزمەت بکەن، دەوڵەتی ئیسلامیش بە نەرمی مامەڵەی لەگەڵ کردن، جا ڕازی بوو ئەوان بچنە ناو هێزەکانەوە، بەڵام لە یەکەو کۆمەڵی سەربەخۆی خۆیان، ڕێگەشیان پێدرا ـ ئەگەر حەز بکەن ـ هاوپەیمانێتی‌و پەیوەندی بکەن بە هۆزە عەرەبەکانەوە، هەروەها ناویان لە دیوانی مووچەو خەڵات تۆمار کرا، لەوانە: (الحمراء) بۆ ڕۆمەکان (الابناء) بۆ خەڵکی صەنعا، (الديالمي) و (القيقانية)و (الاساورة) بۆ فارسەکان.[4]

---

١) هەمان سەرچاوە ٢: ٢٣٥.

٢) صالح العلي: التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة ٣٨ـ ٤٠.

٣) صالح العلي: التنظيمات الاجتماعية والاقتصادية في البصرة ١٣٧، وفاروق عمر فوزي: التنظيم العسكرية ٢: ٢٣٩.

٤) البلاذري: انساب الاشراف ٣٦٦ـ ٣٧٩، وابن عبدالحكم: فتوح مصر ١٢٩، وصالح العلي: التنظيمات ٥٩، وفاروق عمر: النظم العسكرية ٢: ٢٤٢.

لەناو سوپای ئیسلامیشدا چەندین پلەی سەربازی ناسرا وەکو فەرماندەی سوپاو جێگرەکەی، فەرمانەکانی کردۆس، فەرماندەکانی ئامادەکردن، نەقیبەکانو عەریفەکان[1] ئینجا سوپا بەیداخێکی سپی و ئاڵایەکی ڕەشی بەرز دەکردەوە،[2] هەروەکو چۆن لە سەردەمی پێغەمبەردا (ﷺ) دەکرا،[3] جەنگاوەرەکانیش سوارو پیادە بوون، دەوڵەتیش سوور بوو لەسەر بەخێوکردنی ئەسپ بۆ مەبەستی جیهاد، هەروەها هانی خەڵکیشی دەدا بۆ بەخێوکردنیان، جگە لەوەش پێشبڕکی بۆیان سازدەکردو لەوەڕی بۆیان دیاری دەکرد، سواریش دوو پشکی هەبوو لە دەستکەوتو پیادە یەك بەش.[4]

سەبارەت بە کۆکردنەوەی عەرەبی لەسەر سیستمی ریزو کردۆس‌و سیستمی (الخميس) بۆیە سوپا دەکرا بە پێنج بەشەوە: ڕاست، چەپ، باڵەکانیان پێدەوترا، دڵ، لق، دوایەکی، هەر بەشێك چەند کردۆسێکی لە خۆدەگرت، هەر کردۆسێکیش لە هەزار جەنگاوەر پێکدەهات کە سەرکردەو دارو دەستەو ئاڵای خۆی هەبوو، لە نێوان کردۆسەکانیشدا ڕووبەرێکی زەوی هەبوو دەرفەت بدات بۆ جووڵانەوەی‌و جەنگکردن.

دەوڵەتیش پێویستیەکانی سوپای دەستەبەر دەکرد لە خۆراكو چەكو ئەسپو وشتر.[5]

---

١) محمد فرج: المدرسة العسكرية ٤٢٥، وعبدالعزيز السلومي: ديوان الجند ٢٩٤.

٢) البلاذري: فتوح البلدان ١٣٢ـ ١٣٣، الطبري: تاريخ ٤: ٥١٤.

٣) ابن حجر: فتح الباري ٦: ١٢٦، وسمي الراية "العقاب".

٤) عبدالعزيز السلومي: ديوان الجند ٣٤٣ـ ٣٤٦.

٥) عبدالعزيز السلومي: ديوان الجند ٣٦٢ـ ٣٨٠.